میراتەکان بدەن بە میراتگرە دیاریکراوەکان، ئەوەی مایەوە بۆ نزیکترین نێرینە دەبێت

لە ئیبن عەباسەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموویێت: «میراتەکان بدەن بە میراتگرە دیاریکراوەکان، ئەوەی مایەوە بۆ نزیکترین نێرینە دەبێت».

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری)]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمان بە سەرپەرشتیارانی دابەشکردنی میرات دەکات کە میرات بەسەر شایستەدارەکاندا دابەش بکەن؛ بە دابەشکردنێکی دادپەروەرانەی شەرعی بەو شێوەیەی خوای گەورە -سبحانه وتعالى- ویستوویەتی، بۆیە میراتگرە دیاریکراوەکان؛ میراتەکانیان پێدەدرێت بەو شێوەیەی لە کتێبی خوادا هاتووە، ئەمیش بریتیە لە دوو لەسەر سێ و یەک لەسەر سێ و یەک لەسەر شەش و نیوە و چارەك و هەشت یەك، جا ئەو میراتەی لە دوای ئەم دابەشکردنە سەرەکیە دەمێنێتەوە؛ دەدرێت بەو پیاوانەی کە نزیکترین خزمن لە مردووەکەوە، و پێیان دەووترێت خزمی نزیك -عەسەبە-.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/5887